# فیدراڵیزمو دیموکراسی


دێڤید بودنهایمەر

و.کامیل قەرەداخی


(حکومەتی فیدالّیو حکومەتی ویلایەتەکان، هەردوو جۆرەکە لەڕاستیدا بریکارو لێپرسراوی گەلن، بەلاّم لەیەکتریش جیاوازن، سەلاّحیەتەکانیان جیاوازە، کار بۆ هێنانەدیی ئامانجی جیاواز دەکەن)

**جەیمس مادیسۆن /گۆڤاری فیدرالّی-ژمارە 46.**

هەلّبژاردنەکانی سەرۆکایەتییسالّی ( -(2000دیارە کە مەبەستی لەسەرۆکایەتیی ئەمریکایە )یەکێکە لەو هەلّبژاردنانەی کە ئەنجامی لایەنە بەشداربووەکانی تا زۆرترین ئاست لەیەکەوە نزیك بوون، هەروەها بوومایەی زۆرترین پشێویی ناو مێژووی ئەمریکاش .تەنانەت تا پتر لەیەك مانگیش لەپاش دەنگدانی هەلّبژێرەرەکانەوە دلّنیایی لەسەر ئەوە نەبوو کە ئەو پالێوراوەی لەو هەلّبژاردنەدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێتو دەبێتە چلوسێیەمین سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکان (جۆرج.دەبلیو.بوش)ی پالێوراوی کۆمارییەکانە .لەو دەماودەمەشدا جیهان چاودێریی ئەوەی دەکرد کەشەڕی سەر دەنگەکانی فلۆریدا چەندجار لەنێوان دادگا خۆجێییەکانو دادگاکانی ولایەتەکەو دادگا فیدرالّییەکاندا هێنانو بردنی پێدەکرا، تادادگای بالاّ کێشەکەی یەکلایی کردەوە .شتێکیش کەزۆری چاودێرانی بێگانە وەك سەرسوورهێنەر دەیانبینی جیاوازیی گەورەی نێوانی پێوەرەکانی هەلّبژاردن بوو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، وئەوەش کەچۆن بەرپرسیارە خۆجێیەکان بۆیان دەلویّ رۆلّێکی گەورەی لەو شێوەیە لەهەلّبژاردنە نەتەوەییەکاندا بگێرن.

خۆ لەوانەیە جیاوازبوونی رێوڕەسمەکانی هەلّبژاردن لەولایەتێکەوە بۆ ولایەتێکیتر بەلای هاوولاّتییە ئەمریکییەکان خۆشیانەوە چاوەڕوان نەکراو بووبێ .بەلاّم کەمجار تێکەلّکێش بوونی نێوانی سەلاحیەتەکانی حکومەتە خۆجێییەکانوحکومەتی ولایەتەکانو حکومەتی فیدرالّی وەك شتێکی نائاسایی دەرکەوتوە .رەنگە تێپەڕینی هەر چەند رۆژێکی کەمیش نەوێت کە خەلّکانی ئاسایی لەولاّتە یەکگرتووەکاندا مامەلّە لەگەلّ کۆمەلّە یاساو رێوڕەسمێکدا بکەن کە تازەبنو پەیوەندییان بەئەو سێ ئاستەی فەرمانڕەواییەوە هەبێ ..ئەمجا دانانی نەخشەوپلان بۆ ناوچەکانو رێکخستنی هاتوچۆو پاکوخاوێنیی گشتیو کارگێریی پەروەردەیی، وچاککردنەوەی رێگاوبانو سەدان خزمەتگوزارییتریش نمونەی ئەو کارانەن کە بەرپرسە خۆجێیەکان بەپێی رێپێدانێك ئەنجامی دەدەن کە حکومەتی ولایەتەکە پێیان دەبەخشێت .حکومەتی ولایەتەکانیش سەرۆکاریی زۆر کاروباری وەك سیاسەتی پەروەردەیی، دادوەریی سزایی، رێکخستنی کاروپیشەو تەندروستیی گشتیوچەند بوارێکی گرنگیتر دەکەن، حکومەتی فیدرالّییش ئەو کارانەی کە پێیهەلّدەستێت بریتین لە بەرەڤانیکردن لەولاّت، ئیدارەدانی کاروباری دەرەوەو هەردوو سیاسەتی ئابووریو نەختینەییو ریفۆرمکردنی سیستمی سەرپەرشتیاریی کۆمەلاّیەتی، ئەمانەش ئەو شتانەن کە رۆژانە هەوالّەکان لێیاندەپێچنەوە لەبەر ئەو کاریگەرە گەورەیەی کە لەسەر خەلّك هەیانە .لەگەلّ ئەوەشدا کە خەلّکێکی زۆر کەم لەوکاتەدا هەستیان بەمەسەلەکە کرد، بەلاّم شانۆیی دواین هەلّبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو چەندان رووداویتری پەیوەندیداریش بەژیانی رۆژانەوە لەسەر سەکۆی شانۆیەك رویدا کە دەستوردانەرانی ئەمریکا پێش پتر لەدوو سەد سالّ دروستیان کردبوو .باوانە دامەزرێنەرەکان وەك خەلّکانێکی نیشتەجێکراو لەسایەی دەستەلاّتێکدا دەیاننالاّند کە حکومەتێکی بەریتانیی ئیمپریالیستی سەپاندبوی ئەو باوانە وایان لێهاتبوو وایانداندا کە دەستەلاّتی ناوەندی مافوئازادییەکانی ئەوانی خستۆتە بەرهەڕەشە .بۆیە لەئەنجامی ئەمەوە گرفتێکی گەورە کەیەخەی ئەو کۆنگرە دەستورییەی گرت کە سالّی (1787)لەفیلادلفیا سازدرا ئەوەبوو کە چۆن سنورێك بۆ دەستەلاّتی حکومەتی ناوەندی دابنرێ، ولەهەمان کاتدا هێندەش دەستەلاّتی پێبدرێت کە بتوانێت بەرژەوەندیی نەتەوەیی بپارێزێت.

یەکێك لەو چارەسەرانەی پێشنیارکرا بۆ ئەو گرفتە بریتیبوو لەدابەشکردنی دەستەلاّتەکان بۆسەر دوو ئاستی حکومەت، حکومەتێك نەتەوەیی بێتو چەند حکومەتێکیش بۆ ویلایەتەکان .ئەم سیستمی دابەشکردنی دەستەلاّتانە (واتە فیدرالّیزم )نەك هەر تەنها بەوە دادەنرێ کە لەسەر ئاستێکی فراوان بەشدارییەکی دانسقەی ئەمریکایە لەتیۆری فەرمانڕەواییدا، بەلّکو بەشێکیشە لەخودی عەبقەریەتی دەستووری ئەمریکا.

پێناسەی فیدرالّیزم :سیستمی فیدرالّی، یان فیدرالّیزم، سیستمی دابەشکردنی سەلاحیاتی نێوانی دوو حکومەت یان پترە کە دەستەلاّتی خۆیان بەسەر هەمان کۆمەلّە خەلّكو هەمان هەرێمی جوگرافیدا پیادەدەکەن .سیستمەکانی (تاك فەرمانڕەوایی )کە باوترین جۆری حوکمی جیهانن،

هەریەك سەرچاوەی دەستەڵاتیان هەیە كە حكومەتی ناوەندی، یان حكومەتی نەتەوەییە (وەك حكومەتی هەر وڵاتێك .)لەگەڵ ئەوەشدا كە دەكرێ دیموكراسی لەسایەی هەر كام لەم دوو سیستمەی فەرمانڕەواییدا گەشە بسەنێت، بەڵام جیاوازیی نێوانی ئەو دوو فۆڕمەی حكومەت جیاوازییەكی راستەقینەو گرنگە .بۆ نموونە بەریتانیای مەزن حوكمێكی تاك فەرمانڕەوایی هەیە، كەچی سەبارەت بەهەموو ئەو كارو مەسەلانەی لەناو ئەو شانشینە یەكگرتووەدا روودەدەن پەرلەمان باڵاترین دەستەڵاتی هەیە .تەنانەت ئەگەر لەكاروبارە خۆجێیەكاندا چەند سەلاحیەتێك بدرێت بەچەند دەزگایەكیتر، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت هەر شتێكی بەگونجاوزانی بیسەپێنێت بەسەر شارۆچكەو شارو هەرێمەكاندا، ئەو تەنانەت دەتوانێت شارو هەرێمەكان هەڵوەشێنێتەوە، یان ئەگەر ویستیشی سنوورەكانیان بگۆڕێت.

بەڵام لەوڵاتە یەكگرتووەكاندا بارودۆخەكە تەواو جیاوازە .یاساكانی حكومەتی نەتەوەیی كە بارەگاكەی لەواشنتەنی پایەتەختە بەسەر هەر تاكێكدا پیادەدەبێ كە لەناو سنوری وڵاتەكەدا بژی، بەڵام یاسای حكومەتەكانی هەریەكە لە پەنجا ویلایەتەكە تەنها بەسەر ئەو خەڵكانەدا پیادەدەبێ كە لەناو ویلایەتەكاندا دەژین.بەپێی دەستووری ئەمریكا كۆنگریس دەستەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی هیچ ویلایەتێكی نییە، هەروەها بۆ هیچ ولایەتێكیش نییە سەرۆكاریی هیچ دەستەڵاتێك بكات كە تەنها حكومەتی فیدراڵی بۆ ئەو دەستەڵاتە رێپێدراوبێ.

لەراستیدا دەستوری ئەمریكا سەرچاوەی هەریەكەی دەستەڵاتەكانی حكومەتی نەتەوەییو حكومەتەكانی ولایەتەكانیشە .ئەو بەڵگەنامەیەش (واتا دەستور-و )-رەنگدانەوەی ئیرادەی گەلی ئەمریكایەو ئیرادەی گەلیش دەستەڵاتی باڵای ناو هەر سیستمێكی دیموكراسییە.

حكومەتی ناوەندی (مەركەزی )لەدەوڵەتی فیداڵیدا سەلاحیاتی سنورداری هەیەو دەستەڵاتی تەواویشی بەسەر كاروبارەكانی دەرەوەدا دەشكێ، بەڵام پیادەكردنی دەستەڵات لەكاروبارە ناوخۆییەكاندا مەسەلەیەكی زۆر گرێچن ترە .بەپێی دەستوور حكومەتی وڵاتە یەكگرتووەكان سەڵاحیەتی سەرتاسەریی رێكخستنی بازرگانیی نێوانی ولایەتەكانو بازرگانیی دەرەكیو سكەلێدانی پارەو بەخشینی رەگەزنامە بەكۆچبەرانو دروستكردنی هێزی دەشتەكیو دەریاییو چەندمەسەلەیەكیتری هەیە .وڵاتە یەكگرتووەكان ئەوە بۆ هەریەكەی ولایەتەكانی مسۆگەردەكات كە حكومەتی سیستم كۆماریان هەبێ، ئەمەش ئەوە مسۆگەردەكات كە هیچ ولایەتێك (بۆ نمونە )حكومەتێكی پادشایی دروست نەكات.ئەوە بەڕوونی دیارە كەئەم بوارانە بوارگەلێكن كە تیایاندا بەرژەوەندیی وڵاتەكە دەكەوێتە پێشی بەرژەوەندیی هەرتاكێكی ولایەتەكانەوە .بۆیە وا ڕاست بووە كەحكومەتی نەتەوەیی خۆی دەستی پێوەبگرێ .هەروەها حكومەتی نەتەوەیی دەستەڵاتێكی دادوەریشی هەیە بۆ چارەسەركردنی ناكۆكییەكانی نێوانی دووان یان پتری ولایەتەكان، یان نێوانی هاووڵاتیانی ولایەتە جیاوازەكان.

بەڵام لە چەند بوارێكی تری سیاسەتی ناوخۆدا، لەوانەیە حكومەتی نەتەوەیی ناوەندییو حكومەتەكانی ولایەتەكان بەرژەوەندی یان پێویستیی تەریب یان تێكهەڵكێشراویان هەبێت .لێرەدا دەكرێ هەركام لەحكومەتی ولایەت، یان حكومەتی ناوەندی پیادەی دەستەڵاتی خۆی بكات؛ گرنگترینی ئەم دەستەڵاتە هاوكاتییانەش دەستەڵاتی (باج سەپاندن)ە .بەڵام لەو بوارانەدا كە دەستور نەیووتووە ئەمانە لەسەڵاحیەتی حكومەتی ناوەندبن، دەكرێ ولایەتەكان سەرۆكاریی دەستەڵاتەكەی بكەن، بەو مەرجەی كارەكەیان ناكۆك نەیەتەوە لەگەڵ ئەو سەڵاحیاتانەدا كە بەپێی یاسادەبێ حكومەتی ناوەندی پیادەیان بكات .لەو بابەتە گەورەو گرانانەدا كە پەیوەندییان بە ژیانی رۆژانەی خەڵكەوە هەیە، وەك فێركردن، تاوانوسزا، تەندروستیو بێوەیی، دەستوور بەرپرسیارییەكی راستەوخۆ بۆ هیچ كامی حكومەتەكان دیاری ناكات .بەپشت بەستن بەپرنسیپەكانی كۆماری كە وەچەی دامەزرێنەرەكان كردویانن بەرێنوێنی خۆیان، بەتایبەتیش تیۆرەكانی (جۆن لۆك )گەل ئەم سەلاحیاتانەی بۆخۆی هێشتۆتەوەو ولایەتەكانی راسپاردوە كەئەوان بەپێی دەستووره جۆراوجۆرەكانی ولایەتەكان خۆیان پێیهەستن.

كاتێ خۆی دەستوردانەران هەستیان بەئەگەری رودانی ناكۆكی كردوە كەلەنێوان دوو ئاستەكەی فەرمانڕەوایی، یان لەنێوان رەگەزەكانی هەریەكەی ئاستەكاندا رووبدات، بەتایبەتیش لەبواری بەكارهێنانی ئەو سەلاحیاتانەدا كەهی هەردوولایە، بۆیە بۆ خۆپاراستن لەوەش هەندێستراتیژیان لەپێشچاوگرتوە-:

یەكەم-:سەروەرییەكی باڵاتر لەدەستوری ولایەتەكان دراوە بەدەستوری وڵاتە یەكگرتووەكان )واتە فیدراڵی (ئەم بارە دەستەڵاتی سەپاندنی پیادەكردنی داوە بەدادگای باڵا .چونكە لەدەستوردا بڕگەیەك هاتوە رایگەیاندوە كە سەروەری بۆ حكومەتی نەتەوەیی دەبێ، كاتێك كە بەكارهێنانی دەستورییانەی دەستەڵاتەكەی حكومەتی نەتەوەیی ناكۆك بێت لەگەڵ رێوڕەسمی رەوای ولایەتەكاندا.

هەروەها دەستور بەروونی رێگەی ئەوەی لەولایەتەكان قەدەغەكردوە كە سەلاحیاتێك پیادەبكەن كە بەحكومەتی ناوەندی دراوە.

وەك بەشێكی هەڵمەتی مسۆگەركردنی پەسەندكردنی دەستور، دەستوردانەران قایل بوون پشتگیریی بەڵگەنامەی مافەكان بكەن، كەتێیدا یەكەمین دە راستكردنەوە بۆ دەستوركراوە، كە بەو ئامانجە دانراون رێگە لەحكومەتی نەتەوەیی ناوەندیی بگرن دەست لە ئازادییە تاكەكەسییەكان وەربدات.

دەستور رێسا بنچینەییەكانی پەیوەندییەكانی نێوانی ولایەتەكانی داناوە، بەوەی كە ئەو ئەركانەی دیاریكردووە كە هەریكەی ولایەتەكان بەرانبەر بەیەكتر هەیانە، واشیكردوە كە هەر ولایەتێكی نوێ بچێتە ناو ئەو یەكێتیەوە، یەكسان بێت لەگەڵ ولایەتە رەسەنەكاندا .دواجار

ژمارەی نوێنەرانی ولایەتەکان لەحکومەتی نەتەوەییدا یەکسان کرا بەژمارەی نوێنەرەکانیان لە ئەنجوومەنی باڵای کۆنگرێس (واتە ئەنجومەنی پیران)دا .باوانە دامەزرێنەرەکان هەوڵیانداوە بەهەموو ئەم رێگایانە سنورێك بۆ ناکۆکیی نێوانی حکومەتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دابنێن.

لەداهێنانی فیدرالیزم دا لەلایەن ئەمریکاوە پشت بەچەمکێکی نوێی سەروەری بەسترا، کەئەویش دەستەڵات پێدانی رەهای حوکمە .لەتیۆری سیاسییانەی ئینگلیزیو ئەروپپیدا سەروەری تاکڕەوانەو لەدابەشبوون نەهاتوو بووە .بەڵام بەدرێژایی قەیرانەکانی ئیمپریالیستی پێش جیابوونەوەی ئەمریکا لە بەریتانیا لەساڵی (1776)دا جێنشین کراوەکان قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە لەکاتێکدا کە هەموو کاروباری ئیمپراتۆریەتە کە بەگشتی لەژێر دەستی پەرلەمانی ئینگلیزیدا بووە، لەراستیدا دەزگاکانی یاسادانان لەشوێنە جێنشینکراوەکاندا یاساگەلی تایبەت بەشوێنەکانی خۆیانیان دارشتوە.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتە سەرەتاییەکانی ئەمریکا لەسەردەمانی شەڕی شۆڕشگێریدا بەپێی ئەو تیۆرە کاری دەکرد کە دەڵێ نابێ سەروەری دابەش‌و پارچە پارچە بکرێ .بەپێی مادەکانی سیستمی کۆنفیدراڵی (1783)واتە یەکەم دەستووری وڵات هەر ولایەتێك یان جێنشینێك سەروەریی خۆی هەبووە، ئەم ولایەتانە لەناو )پەیوەستی هاوڕێیەتی(دا هاوکاریی یەکتریان کردووە بۆ چارەسەری ئەو مەسەلانەی کە بەلای هەموو وڵاتەکەوە بەگشتی گرنگ بوون .بەڵام دەرکەوت کە ئەزموونی فۆرمی کۆنفیدراڵییانەی حوکمکردن ڤایلکەر نییە، وهەندێکیش بەمەترسیدار لەقەڵەمییان دا .ئەوەی کە روویدا هەر ئەوە نەبوو کە ولایەتەکان هاووڵاتیەکانی خۆیانیان لە ئازادییەکانیان بێبەری کردووە، بەڵکو هەندێکیشیان بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان بەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە گشتییەکەدا زاڵکردوە.

بونی بێزاریی بەرفراوانی لەمادەکانی سیستمی کۆنفیدراڵی وایکرد کە لەساڵی (1787)دا کۆنگرەیەك بۆ نوێنەرانی ولایەتەکان ساز بدرێ بۆئەوەی دەستورێکی نوێ دابرێژن.

ئەو بەڵگەنامەیەی کە لەو کۆنگرەیەوە دەرچوو بەئەم ووشە بەناوبانگە دەست پێدەکات )ئێمەی گەلی وڵاتە یەکگرتووەکان (کەئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرچاوەکەی سەروەری لەدەوڵەتی نوێدا .ئەو دەستورەی کە گەل دایهێنا )دۆزییەوە (سەروەریی لەهەریەکەی حکومەتی نەتەوەییو حکومەتەکانی ولایەتەکان داماڵی .ئەو شتەش کەجاران وەك مەسەلەیەکی نالۆژیکی دەهاتە پێشچاو، واتە حکومەتێك لەناو حکومەتێکی تردا، ئیتر لێرەوە ئێستەبوو بەگونجاو، چونکە سەرچاوەی دەستەڵاتی هەریەکە لەحکومەتی نەتەوەییو حکومەتەکانی ولایەتەکان لەلایەن گەلی خاوەن سەروەرییەوە بەخشراوە.

ئەم دەسەڵات بەگەل بەخشینە لەرێگای دەستورێکی نووسراوەوە گوزارەی لێکراوە کە چەند رۆڵێکی جیاوازی بۆچەند ئاستێکی سەربەخۆی فەرمانڕەوایی دیاریکردوە .دەکرێ دەستەڵاتی ولایەتەکانو دەستەڵاتی حکومەتی نەتەوەیی بەیەکەوە لەیەك کاتدا دەستەڵاتی خۆیان بەسەر هەمان ناوچەی جوگرافیو هەمان دانیشتواندا پیادەبکەن، لەبەرئەوەی هەریەکەی ئەم دوو دەستەڵاتە جەخت لەسەر مەسەلەگەلێك دەکەن کە جیاوازن لەبواری مەسەلەکانی ئەویتر .جەختکردنەوەی ئەوەی ولایەتەکان لەسەر رەوشە خۆجێیەکانەو حکومەتی نەتەوەییش لەسەر شتانی گشتگیرتر .ئەزموونی ئەمریکایی فەرمانڕەواییکردن بواری ئەوەی بۆ هەریەکەی حکومەتەکانی ولایەتەکانو حکومەتی نەتەوەیی رەخساندوە کەوەك یەکەی جیاوازو سەربەخۆ پێکەوە بژینو هەریەکەشیان کایەی سەلاحیاتی خۆیی هەبێ، لەبەر ئەوەی هەردووکیان بۆ خزمەتی گەل هاتونەتە ئارا.

**لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە پەرەسەندن***

**چۆن سیستمی فیدراڵیزم لەئەمریکادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا؟**

وەڵامێکی ساکار بۆ ئەم پرسیارە لەئارادا نییە .چونکە فیدراڵیزم لەڕاستیدا چێوەیەکی کاری دینامیزمیی فەرمانڕەواییە، ئەم خەسڵەتەش تەواو بۆ سروشتی هەمیشە گۆڕاوی کۆمەڵگەی ئەمریکی )خۆی (شیاوە.

لەدووسەد ساڵی پێش ئێستاوە کەکاری پێکراوە چەندان جار لەهەردوو رووی یاساو پیادەکردنەوە جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان لەسایەی سیستمی فیدراڵیی ئەمریکاییەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

دەستووری ئەمریکا بەڵگەنامەیەکی نەرمە، مەبەست لەو نەرمییە ئەوەبووە کە بوار بۆ دەوڵەت برەخسێنێ کە وەڵام بە بارودۆخە گۆڕاوەکان بداتەوە .لەهەندێ کاتدا راستکردنەوە دەستورییەکان چەند رۆڵێکی وایان داوە بە حکومەتی ناوەندیو حکومەتەکانی ولایەتەکان کە جیاوازبوون لەو رۆڵانەی کە مەبەست بوون پێیان بدرێت، لەهەندێ کاتی تردا دادگاکان شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ ئەو رۆڵانە پێشکەشکردوە.

هەمیشە بوونی هاوسەنگییەکی دروست لەنێوان دەستەڵاتەکانی حکومەتی نەتەوەییو حکومەتەکانی ولایەتەکان بابەتی مشتومڕی ناو ژیانی

سیاسیی ئەمریکابووە .دیارە ئەمە مەسەلەیەکە وەك ئەوەی سەرۆك )ۆدرۆ ویلسن (1920-1913-تێبینی کردبوو )بەبۆچونێك یان بەوەچەیەك چارەسەر نابێ .ویلسن دەڵێ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانو وەرچەخانەکانی ناو بەها سیاسییەکانو رۆڵی دەوڵەتی ئەمریکی لەجیهاندا، هەموویان وا لەهەموو وەچەیەکی نوێ دەخوازن کە وەك )مەسەلەیەکی نوێ (مامەڵە لەگەڵ فیدراڵیزمدا بکەن.

تەنانەت خوێندنەوەیەکی ساکاری دەستوریش بۆچوونێکی وات پێدەدات کە حکومەتی ناوەندی لەژمارەیەکی کەمی ئەو ئەرکانە تێپەڕێت کە پەیوەندیی بە ئیدارەدانی ژیانی رۆژانەوە هەیە لەهیچی دیکە بەرپرسیار نییە .بێگومان ئەم مەسەلەیە لەسەدەی یەکەمی دروستبوونی دەوڵەتدا راست بوو .جاران ولایەتەکان هەموو ئەو بڕیارە حکومییانەیان دەردەکرد کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی هاووڵاتییەکانیان هەبووە، تاوانوسزاکانی دیاریو دەستنیشان کردووە، یاساکانی گرێبەستی داناوە، کاروباری تەندروستیی گشتیو بێوەیی گشتیی دارشتوە، پێوەرە یاساییەکانی فێرکردنو چاودێریی کۆمەڵایەتیو ئاکارەکانی داڕشتووە.

سەرباری گرنگیی ولایەتەکان لەژیانی رۆژانەدا، یەکێك لەجەختکارترین مەسەلە سیاسییە گشتییەکانی پێش شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا (1861-1865)مشتومڕی سەرپشتێنەی سەلاحیەتەکانی دەستەڵاتی نەتەوەیی بوو، چونکە زۆربەی خەڵك بەپێویستی دەزانی ئەو سەلاحیەتانە بەسنورداری بمێننەوە .بەڵام هەندێ فشار هەر وامانەوە کەپاڵیان بەپرنسیپی فیدراڵیزمەوە دەنا بەرەو ئەوەی کەناو گفتوگۆی سیاسیدا پایەی سەرەکی وەربگرێ.

ئەو کەلەپورەی کە پاشماوەی شۆڕش بوو، ومەترسیی لەدەستەڵاتی ناوەندی هەبوو کاریگەریی بەهێزی هەبوو، هەروەها ئەو تەمومژەی کە بەکۆنگرەی دەستورییەوە مابوەوەو ئەو مشتومڕانەش کە لەسەر دەنگدان بەدەستورکران ئەو کاریگەرییەیان هەبوو، زمانی دەستور قەواڵەیەکی گشتگیرییانەی هەبوو بەشێوەیەکی روون باسی لەوە نەکردبو کە ئایا سەبارەت بەو دەستەڵاتانەی بەحکومەتی نیشتمانی دراون، ولایەتەکان هیچ پاشماوەیەکی ئەو سەروەرییەیان بۆ دەمێنێتەوە!

ئەوەشی کە گرفتەکەی ئاڵۆزترکرد ئەوەبوو کە لەرووی پراکتیکییەوە ولایەتەکان لەئەنجامدانی ڤایلکارانەی ئەرکەکانی سەرشانی حکومەتداو لەیەکەم بەراورددا کارامانەتر ئەرکەکانیان بەئاکام گەیاند، بەتایبەتیش کاتێك کە گرفتەکان تا دەهاتن وایاندەخواست کە بۆ چارەسەرکردنیان چەند ولایەتێك هاوبەشی بکەن .شەڕی ناوخۆ کە بەهۆی کێشەی )کۆیلەیی(یەوە کەوتەوە ئەو ناکۆکییەی چارەسەرکرد کە لەسەر سروشتی یەکێتییەکەو سەروەریی پایەی حکومەتی نەتەوەیی لەو یەکێتیەدا هەبوو .بەڵام هەموو ئەو مەسەلانەی چارەسەر نەکرد کە پەیوەندییان بەدابەشکردنی دروستی بەرپرسیارێتییەکانی نێوانی حکومەتی ناوەندیو حکومەتی ولایەتەکانەوە هەبوو، ئەگەرچی کە چواردەهەمین راستکردنەوەی دەستور کە لەساڵی (1868)دا پەسەندکراوە دەقێکی تێدایە بواری داوە چێوەی سەلاحیەتەکانی دەستەڵاتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی رەوا فراوان بکرێت .بەڵام ناوەرۆکی گفتوگۆکە گۆڕابوو .ئەوەبوو لەدوایین نیوەی سەدەی نۆزەدەدا وڵاتە یەکگرتووەکان بوبوە بەپیشەسازێکی فرە قەببە، بەتەریبیی ئەم پەرەسەندنە گەسەندنێکی باشی ناو بازاڕە ناوخۆییە قەببەکەش هەبوو، شاری گەورە دروستبوون، چڕکردنەوەیەکی گەورەی سەرمایەکانو گرفتە کۆمەڵایەتییە ترسناکەکانیش هەبوو .سەرهەڵدانی کۆمپانیا مۆنۆپۆلیزە بەرهەمهێنەرەکانی کاڵاو خزمەتگوازرییەکان بووەهۆی ئەگەری دەرکەوتنی دەستەڵاتێکی ئابووریی لەدەست دەرچوو، کەئەمەش شتێك بوو زۆربەی ئەمریکاییەکان وەك مەترسییەکی هاوشانی مەترسیی دەستەڵات وەرگرتنی حکومەتێکی لەدەستدەرچوو سەیریان دەکرد.

ولایەتێك یان کۆمەڵە ولایەتێك نەبووە کە بتوانێت ئەو رەوشانە بچەسپێنێت کە بۆ کۆککردنو هاندانی ئەم پەرەسەندنی بازرگانییەو ئاکامەکانیشی بچەسپێنێت .بۆیە ئیتر حکومەتی ناوەندی، کە ئەو کاتانە خەریك بوو ناوی )حکومەتی فیدراڵی(ی بەسەردا زاڵدەبوو، لەسەرەتاوەو بەپێی بڕگەی )رێکخستنی بازرگانیی نێوان ولایەتەکان (ئەم بەرپرسیاریەی گرتە ئەستۆ.

یەکێکی ئەو سەلاحیەتانەی دەستور دەیسپێرێتە کۆنگرێس سەلاحیەتی )رێکخستنی بازرگانیی لەگەڵ وڵاتانی بێگانەو لەنێوان ولایەتەکاندا .لەگەڵ هاتنی ساڵی (1887)دا چەند یاسارێژییەکی نەتەوەیی دەرکەوتن بۆ سەپاندنی چەند سیستمێکی تایبەت بە مۆنۆپۆڵکردن بەپێی سەلاحیەتی رێکخستنی بازرگانیی نێوان ولایەتەکان .لەماوەی بیست ساڵی پاش ئەوەشدا کۆنگرێس ژمارەیەك یاسایان دەرکرد کە هەموو شتێکیان رێکدەخست هەر لە یانسیبەوە بۆ بازرگانیی خواردنەوە کحولییەکانو پیشەسازیی کەرەستەی خۆراکیو دەرمانسازی لەشوێنانی جۆراوجۆری وڵاتەکەدا .

لەگەڵ ئەوەشدا کە مەبەست لەزۆری ئەو یاسارێژییانە رێگرتن بووە لە دەستوردانی ولایەتەکان لە پەرەپێدانی پیشەسازیدا، کەچی ئەنجامەکەی کردویەتییە فراوانکردنی سەڵاحیاتی دەستەڵاتی نەتەوەیی )فیدراڵی (بۆ بواری پاراستنی تەندروستیو بەرژەوەندیی خەڵك لەسەردەمی پیشەسازیی خێرادا کەئەمە بوارێك بووە جاران لەسنوری بەرپرسیارییەکانی ولایەتەکاندا دانراوە .پێشکەوتنخوازەکان لەسەرەتای سەدەکەوە بەسەرۆکایەتی سەرۆك )تیۆدۆر رۆزفەڵت (1901-1909-گوێیان بەئەم دەست تێوەردانە نەدەدا، قسەیان لەسەر ئەوەدەکرد کە ویلایەتەکان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆیان پێویستیان بە یارمەتیی حکومەتی فیدراڵی دەبێ .لەگەڵ ئەوەشدا دادگای باڵا کە لەوکاتەدا وەك

دوا بڕیاردەری مەسەلەکانی راڤەکردنی دەستوور ددانی پێدانرابوو، ئەم ئامانجەی پەسەندکردو هانیشیدا، بەڵام هەر هەوڵیدەدا دەستەڵاتی فیدراڵی بەرێکی بمێنێتەوە .ئاراستەی گشتییش روون بوو، ئەوەبوو کە دەستەڵاتی فیدراڵی لەگەڵ زۆربوونی پێویستیەکانی وڵاتەکەدا پەرەی دەسەندو بەم پێیەش دەستەڵاتەکانی ولایەتەکان کەم دەبوونەوە .لەسییەکانی سەدەی رابوردوودا پرۆگرامە ئابوورییەکانی سەرۆك )فرانکلین رۆزفەڵت (کە لە )دەیەی نوێ(دا هاتبوون، تەحەداکردنی ئەو هاوسەنگییە پارێزکارییانەی پتر کرد کە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵیو بەرژەوەندییەکانی حکومەتەکانی ولایەتەکاندا هەبوو، چونکە حکومەتی فیدراڵی داوای سەلاحیاتی فراوانتری بۆخۆی کرد، بەو شێوەیەی هەموو وڵاتەکە بگرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو قەیرانە ئابوورییە چارەسەر بکات کە لە خامۆشییە ئابوورییە گەورەکەوە کەوتەوە . ئەو رێورەسمەی کە کۆنگرێس گرتییەبەر رێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی کارگێڕییەکی نەتەوەیی بۆ پرۆگرامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی )دانانی سیستمی دابینکردنی کۆمەڵایەتی(و کشتوکاڵو دیاریکردنی نزمترین ئاستی کرێو پەیوەندییە کرێکارییەکانو چەند یاسایەکیتر کە چەند سیستمێکی فیدراڵییان بۆ چەند بوارێکی زیندووی وەك گواستنەوەو پەیوەندیو کارە بانکیو نەختینەییەکان دانا .کاتێك کە ئەم سیستمانە خزانە سەر بەرنامەکانی فریاگوزاریو ژمارەیەك ئەزموونی کۆمەڵایەتیتر، ئەم بەرنامەی دەیەی نوێیە لەراستیدا بوون بەهۆی سەرهەڵدانی کارگێڕییەکی نیشتمانیی نوێ، ورەوشە نائاساییەکانی شوێنکەوتەی جەنگی جیهانیی دووەم بوونەهۆی پتەوترکردنی ئەم کارگێرییە .ئەوەش شۆڕشێکی دەستووریی پلە یەك بوو، چونکە لەوەوە ئیتر حکومەتی فیدراڵی )بۆ نموونە لەبواری یاسای کارو رێکخستنی کاری نەختینەیی(دا سەلاحیاتی تری پەیداکرد کەجاران تەنها تایبەت بوون بەحکومەتی ولایەتەکانەوە.

رۆڵی حکومەتی ناوەندی لەناو سیستمی فیدراڵیدا لەدوایین نیوەی سەدەی بیستیشدا هەر رووی لەفراوانبوون بوو .چونکە دادگای باڵا ئەو راڤەکردنە باوەی راستکردنەوەی چواردەهەمی دەستوری پێچەوانە کردەوە کە ئاستی دەستەڵاتی نەتەوەیی بەوێنەیەکی بەرتەسك پێناسە دەکردو سنوری سەرپەرشتیکردنی حکومەتی فیدراڵیی بەسەر بوارەکانی تاوانو سزاو سەرپەرشتیی کۆمەڵایەتیو پەیوەندییە رەگەزییەکانو پاراستنی یەکسانی بەردەم یاسای فراوانترکرد .لەگەڵ کۆتایی سەدەکەدا کەم بوار مابوو کە دەستەڵاتی نیشتمانیی پێنەگەیشتبێت .لەوانەیە روونترین کاریگەریی ئەم شتەش ئەو قسەیەبێ کەوەڵامی پرسیاری ناسنامەی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە پێدەدرایەوە .چونکە بەدرێژایی زۆربەی مێژووی وڵاتەکە ژمارەیەکی زۆری خەڵك ناسنامە بنچینەیی خۆیانیان دەبردەوە سەر ولایەتەکان بەڵام لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستدا ناسنامەی نەتەوەیی پتر لەجاران بوو بەمایەی شانازی شۆڕشی فیدراڵی ئەو گفتوگۆیەی کۆتایی پێنەهێنا کەلەسەر دابەشکردنی دروستی دەستەڵاتەکان لەنێوان حکومەتەکانی ولایەتەکانو حکومەتی نەتەوەییدا هەبوو .هێشتا جیاوازیی بیروبۆچوون لەسەر رۆڵی دروستی حکومەتی نەتەوەییو حکومەتەکانی ولایەتەکان لەناو سیستمی فیدراڵیدا بەشێکی گرنگی سیاسەتی ئەمریکایە .ئەتوانین بڵێین لەوانەیە کێشەیەکی ناوخۆیی نەبێت دووربێ لەوەی مشتومڕی ئەوەی لەسەربێ کە کام ئاستەی فەرمانڕەوایی مافی ئەوەی هەیە کە سیاسەتەکانی بۆ شەقڵرێژو پیادە بکات .ئیتر ئەوە بەئاسانی نەماوە کە ئەرکەکانی حکومەتەکانی ولایەتەکانو ئەوانەی حکومەتی نەتەوەیی هەڵاواردنیان لەنێواندا بکرێ، لەبەرئەوەی کە سیستمی فیدراڵیی ئێستە مەیلی بەتێکەڵکردنی بەرپرسیارێتییەکانو کەمکردنەوەی جیاوازیکردنی نێوانیان هەیە لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە گرێچنەکاندا.

***چاکەکانی دابەشکردنی سەلاحیەتەکان**

بەشداریکردن لەسەلاحیاتو سیاسەترێژکردن لەرۆژگاری ئەمرۆدا لەناو ئەو شتەدا بەرێوەدەچێت کە زانا پسپۆرەکان بە )سیستمی فیدراڵیی هاریکاری (ناوی دەبەن .ئەم خەسڵەتە هێندە لەژیانی ئەمریکادا جێگیربووە کە تەنانەت لەکاتی ناکۆك بوونی دوولقەکەی حکومەتیشدا بەردەوام دەبێ، وەك ئەوەی کە لەشەستەکانی سەدەی رابوردوودا روویدا، ئەوکاتە ولایەتەکانی باشوور لەدروستکردنی رێگا ولایەتیڕەکاندا هاوکاری حکومەتی ناوەندییان دەکردو لەهەمانکاتدا بەرەنگاریی ئەو تێکەڵکێشکردنە رەگەزییەیان دەکرد کە حکومەتی فیدراڵی دەیسەپاند . ئەوەی کەوا دەکات سیستمی فیدراڵیی هاریکاری گونجاوبێت ژمارەیەك رێورەسمی پراکتیکیانەیە، بەبەشداریکردن لەخەرجیکێشانو ئاراستە فیدراڵییەکانو بەشداریکردن لەکارگێڕیدا.

هەرچی کۆنگرێسە رەزامەندی پیشاندەدات لەسەر قەبڵاندنی بەشێکی ئەو خەرجیانەی خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەکات، ئەگەرچی کە ئەوە لەبنەڕەتدا سوود بەدانیشتوانی تەنها ولایەتێك یان تەنها ناوچەیەك دەگەیەنێت .نمونەی ئەم بەرنامانەش رێگاوبانەکان، دامەزراوەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ دروستیەکان، خرگەکانو ریفۆرمکردنی ژێرخانی خۆجێی، یان ئەو ژێرخانانەی کەهی چەند ولایەتێکی دیاریکراون .کە بەخششەکانی فیدراڵی دێت، کۆمەڵێك ئامۆژگارییان لەگەڵدا دێت کە پێویستە ولایەتەکان لەبەرچاوی بگرنو پیادەی بکەن بۆ ئەوەی پارەکانیان دەست بکەوێت .بۆ نموونە لەم دواییانەدا کۆنگرس سەبارەت بەنیگەران بوونی خۆی لەوەی کە شۆفێرەکان ئۆتۆمبێلەکانیان بەسەرخۆشی دەئاژۆن وایکرد کە ولایەتەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو پارانەی کە حکومەتی فیدراڵی بۆ رێگاوبانی تەرخان دەکات مل بەئەو مەرجە بدەن کە

ولایەتە پەیوەندیدارەکان لەیاساکانی هاتوچۆی خۆیاندا تێکڕای ئەو کحولەی کە ڕێگە دەدرێ لەخوێندا هەبێت دابەزێنن بۆ نزمترین ڕێژە . دوایی بەرپرسیارەکانی ولایەتەکانو بەرپرسیارە خۆجێییەکان بەپیادەکردنی سیاسەتە فیدراڵییەکان هەڵدەستن، بەڵام لەرێگەی فەرمانبەرانی ئیدارەکانی خۆیانو بەپێی پرۆگرامگەلێك کە خۆیان دایانڕشتوە.

بەرنامەی سەرلەنوێ راهێنانەوە لەسەر پیشەکان یەکێکیتر لەو پرۆگرامانەیە، هەر ولایەتێك هەڵدەستێت بە پەرەپێدانیو ئیدارەدانی پرۆگرامێك بۆ دابینکردنی پێداویستیە دیاریکراوەکانی هاوولاتیانی خۆیو پارەی ئەو پرۆگرامانەش حکومەتی فیدراڵی دابینی دەکات.

**ئەو پەندانە چین کەئەزموونی ئەمریکایی پیادەکردنی فیدراڵی دەیانداتە حکومەتە دیموکراسییەکانی شوێنانیتری جیهان؟**

حکومەتە فیدراڵییەکان باوو نین، زۆری دەوڵەتان حوکمێکی تاکڕەوانە بەهەند وەردەگرن کە دەستەڵاتی تێدا چڕدەبێتەوە .هەروەها سیستمی فیدراڵیش بۆ دیموکراسی بوون پێویست نییە، وەك ئەوەی کە ئەزموونی حکومەتە پەرلەمانییەکان دەیسەلمێنێت .بەڵام پرنسیپەکانی فیدراڵیزم بۆ حوکمکردنی دیموکراسییانەی هەر شوێنێك پێویستن .گرنگترینی نێوانی ئەم پرنسیپانەش بریتیین لەدابەشکردنی سەلاحیەتەکانو جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانو لامەرکەزی لەدروستکردنی سیاسەتو کاری سیاسیدا .ئەمریکاییەکان لەسەردەمێکی زووەوە بڕوایان بەوە هەبووە کە دەسەڵاتی ناوەندی هەڕەشە دەکاتە سەر ئازادی، ئەوەی کەزۆرتر لێیدەترسن بەشێوەیەکی تەقلیدی ئەوەیە کە دەستەڵات لەلایەن حکومەتێکی نەتەوەییەوە پیادە بکرێ کە بارەگاکەی لە خۆیانەوە دوور بکەوێتەوە .سپاردنی دەستەڵات بەدوو ئاستی فەرمانڕەوایی، ودابەشکردنی بەشێوەیەك کەوا بکات هەریەکەی ئاستەکان لەبواری سەربەخۆی خۆیدا سەرۆك بێت، یەکێکی چارەسەرەکانی گرفتی چۆنیەتی سەلاحیەتی پێدانی پێویست بوو بە حکومەتەکان، بەبێ ئەوەی ئەو سەلاحیەت پێدانە ببێتەهۆی دروست بوونی دەستەڵاتێکی ناوەندگیر کەزیان بە ئازادییەکان بگەیەنێت.

لەراستیدا حکومەتی ولایەتەکان کە نزیکترین ئاستی فەرمانڕەوایین لەخەڵکەوە، دەستەڵاتی حکومەتی نەتەوەیی کۆك دەکەن .ئەم داهێنانە بەلای وەچەی باوانە دامەزرێنەرەکانەوە لۆژیکییانە هاتۆتە پێشچاو، لەراستیدا تیۆری نواندنی ئەمریکا بوونی پەیوەندییەکی جوگرافییانە لەنێوان نوێنەرانو نوێنەرایەتیکراوان دا بەپێویست دەزانێت.

هێشتا هەر حوکمی خۆجێیی سەرنجی ئاوەزە نوێیەکان رادەکێشێت، لەبەرئەوەی کەوەك یەکێك لەزاناکان دەڵێت )هەر شتێك نزیكو ئاشنابوو ئەوە بەشێوەیەکی سروشتی پەسەندەو هەموو شتێکی دوورو تیۆرییش جێگەی گومانە .(ئەو سەلاحیاتانەی کەبە ولایەتەکان دراون )مافەکانی ولایەتەکانیشیان پێدەوترێت (لەزۆربەی جارەکاندا پشت بە ئەو گریمانە دەبەستێت کە هەرێمایەتی یان تایبەتمەندێتی خۆجێیەتی پرسێکی گرنگەو خەڵك متمانە بەحکومەتێك دەکەن کە خۆیان بتوانن کۆنترۆڵی بکەن .حکومەتی ولایەتەکانیش پتر لە حکومەتی نەتەوەیی ئەم مەبەستە دەپێکێ .ئەم بیروباوەڕە راڤەکردنی ئەوەمان دەداتێ کەبۆچی هێشتا ئەمریکاییەکان حەزدەکەن ئەو دامەزراوانەی کە کاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانەیان دادەنێن، وەك دەزگاکانی پۆلیسو قوتابخانەو خەستەخانەکان لەژێر کۆنترۆڵێکی خۆجێییدا بێت .هەروەها پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەدەبێ مافەکانی هاوولاتیان لەسەر ئاستی نەتەوەیی بپارێزرێتو لەولایەتێکەوە بۆ ولایەتێکیتر نەگۆڕێت .لەهەردوو رووی تیۆریو پراکتیکییەوە سیستمی فیدراڵی دەتوانێت هەموو پێویستییە خۆجێییو نەتەوەییەکان لەچێوەی سەلاحیەتە سنوردارەکانیدا دابین بکات.

توانای فیدراڵیزم بۆ تێگەیشتنو وەرگرتنی رەوشە خۆجێییەکان بەشداری دەکات لەبونیادنانی دیموکراسیدا، بەوەی مۆرکێکی نا ناوەندی )لامەرکەزی (بەسیاسەتەکانو کاری سیاسی دەبەخشێ .وڵاتە یەکگرتووەکان دەوڵەتێکی گەورەیەو جوگرافیایەکی هەمەچەشنەی هەیە . هەروەها گەلی کۆچبەرانیشە، لەئەودا هەر گروپێکی ئیتنی یان نەتەوەیی یان ئایینی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵە بەهایەکی کلتوریو ئاکاریی جیاوازی بۆ رەوشە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکان هەیە .ئەگەر گوزارەکردن لەئەم جیاوازیانەو وەرگرتنیان بەئاسانی شیاو نەبووایە ئەوا حوکمکردنی دیموکراسییانەی دەوڵەتێکی لەم شێوەیە زۆر ئەستەمتر دەبوو .ئێستە ولایەتەکان دەتوانن سەبارەت بەهەمان گرفت سیاسەتی تەواو لەیەکتر جیاواز وەربگرن، ئەمەش رێگە بۆ هاوولاتیان خۆش دەکات لە ئەو ولایەتەدا بژین کە سیاسەتەکەی لەگەڵ بەها ئاکاریو کەلتورییەکانیاندا دەگونجێت .بۆ نموونە بیر لەمەسەلەی )قومارکردن (بکەنەوە، هەندێکی ولایەتەکان رێگەی پێدەدەنو هەندێکیتریشیان نایدەن .سیاسەتی هەر ولایەتێك لەگەڵ پێویستیو ئەزموونی خۆیو بەهاکانی زۆرینەی دانیشتوانەکەیدا دەنگونجێو شیاوە، هەروەها یاساکانیشی گوزارە لەوە دەکەن .بەئەم نمونەیەدا دەردەکەوێ کە جیاوازیی کاری ویلایەتەکان بەسودە لەبەرئەوەی یەکدەنگییەکی نەتەوەیی سەبارەت بە سیاسەتێکی دیاریکراو لەم مەسەلەیەدا لەئارادا نابێ فرەجۆریی رێبازەکان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی، هەمووی هەر چاك نییە . پێویستیشە هەرگیز ئەم جۆراوجۆرییە لەمافو ئیمتیازەکانی هاوولاتیان کەم نەکاتەوە .بۆ نمونە مافی دادگاییکردن لەلای دەستەی سوێندخۆران پێویستە پشت بەهیچ بارێکی جوگرافی نەبەستێت .لەرووی پراکتیکییەوە دەکرێ فرەچەشنی ببێتەهۆی هاتنەئارای مامەڵەیەکی

نایەکسان، بۆ نموونە لەکاتێك دا کە ولایەتێکی هەژار ناتوانێت وەك ولایەتێکی دەوڵەمەند خەرجیی بەرنامەیەکی بنچینەیی فێرکردن دابین بکات .بەڵام لەمافەکان تێپەرێت، توانای ئەزموونکردنی چارەسەری جیاواز یەکێکی خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی سیستمی فیدراڵییە .زۆرجار واباس لەولایەتەکان دەکرێت کەئەوان تاقیگەی دیموکراسین، ئەمەش هۆیەکی دروستی هەیە، چونکە هەموو بەرنامەو سیاسەتە داهێنراوەکان، هەر لەچاودێریی کۆمەڵایەتیو ریفۆرمکردنی فێرکارییەوە تا سیستمەکانی تەندروستیو سەلامەتی، زۆرجار لەسەرەتاوە حکومەتەکانی ولایەتەکان دایانناون بۆ نمونە بەماوەیەکی درێژ پێش حکومەتی نەتەوەیی زۆری ولایەتەکان کۆیلەیێتیان هەڵوەشاندەوەو مافی هەڵبژاردنیان دا بەژنانو ئەو رەشپێستانەی تەمەنیان گەشتۆتە هەژدەساڵ؛ وایانکردوە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بێتو چەندان ریفۆرمی تریش .ئەم کارو کردەوانەی کە ولایەتەکان پێی هەستان لەکاتێکدا سنووری ئەو بەڵێنانەیان فراواندەکرد کە مژدەی دیموکراسی بوون هێشتا هیچی ئەم ریفۆرمانە کۆدەنگی نەتەوەییان لەسەر وەرنەگیرابوو.

بەم مانایە ولایەتەکان ئەرکی ریفۆرمی سیاسی ئەنجام دەدەنو هەروەها وەك ناوەندێکیش بۆ تاقیکردنەوەی هزرە ولایەتەکانو ناو هەموو وڵاتەکەش کاردەکەن .

سیستمی فیدراڵی هەروەها بەشداریی خەڵك لەکاری سیاسیو حکومیشدا فراوان دەکات .چونکە چەند ئاستەکانی فەرمانڕەوایی زۆربن هێندە هەلی دەنگدان بەهەڵبژاردنو بەدەستهێنانی پۆستە گشتییەکان بۆ خەڵك رەخساوتر دەبێت .هاووڵاتیانی ولایەتەکان هەزاران بەرپرس بۆ حکومەتی ولایەتەکانو حکومەتە خۆجێییەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام بەهەموو هاووڵاتیان دوو بەرپرس هەڵدەبژێرن کە سەرۆكو جێگری سەرۆکن ) .بەپێی یاسا هەموو دەنگدەرەکان سەرۆك یان جێگری سەرۆك هەڵنابژێرن، بەڵکو ئەوان لەلایەن ئەو دەستە هەڵبژێرەوە دەپاڵێورێن کە دەنگدەرانی هەر ولایەتێك دیارییان کردون(، ئەگەرچی کە هەڵبژاردنەکانیش بەکردەوە هەڵبژاردنی نەتەوەییی گشتی دەبن .زۆری پۆستە خۆجێییەکان دەبنە بواری مەشقپێکردنی ئەوانەی لەئایندەدا پۆستی سەکردایەتیی نەتەوەیی وەردەگرن .بۆ نمونە لەناو دووایین پێنج سەرۆکەکەی وڵاتدا تەنها یەکێکیان شارەزایی ناو پۆستێکی حکومیی ولایەتەکانی نەبووە کە ئەویش )جۆرج بووش(ی باوکە .هەریەکە لەسەرۆکان )کارتەرو ریگانو کلنتنو جۆرج دەبلیو بووش (لەرێگەی هەڵبژاردنەوە پۆستی ناو ولایەتەکانیان بەدەستهێناوە .لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆربەی خاوەنی پۆستە رەسمییەکانی ناو حکومەتی ولایەتەکانو حکومەتە خۆجێییەکان ناگەن بەپۆستی ناو حکومەتی نەتەوەییەکە، بەڵام هەموویان سەبارەت بەرۆڵی حکومەت لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا وانەی بەهادار فێردەبن، ئەو وانانەش ئەوانەن کەلەو سەرەوە پەیوەندیی نێوانی حکومەتو هاوڵاتیان پتەودەکەن .هەروەها کۆمەڵگەش سوود لەوە وەردەگرێ، چونکە بەپێچەوانەی ئەوەوە بووایە کۆمەڵەی ئەو خەڵکانەی کە ئامادەدەبوون پۆستی باڵاتر وەربگرن زۆرتر دەبوو .ئاستە زیادەکانی حوکم ئەگەری بەشداریکردن لەدروستکردنی بڕیاردا بەدەر لەرێگەی بەدەستهێنانی پۆستیش پتر دەکات .ئەو گروپە خاوەن بەرژەوەندییانەی کەنەتوانن کاریگەری لەسەر ئاستێکی فەرمانڕەوایان دروست بکەن، لەلای ئاستێکیتر کەسانێك دەدۆزنەوە بۆچوونەکانیان پەسەندبکەن .لەپەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابوردودا بانگەشەکارانی مافە مەدەنییەکان لەلایەن ئەو ولایەتانەی باشورەوە بەرهەڵستی دەکران کەملیان بەتێکەڵکردنی رەگەزەکان نەدەدا، بەڵام لەلایەن حکومەتی نەتەوەییەوە پشتگیریی ئەو هەوڵانەیان دەکرا کەدەیانویست یەکسانی رەگەزی بەرپابکەن.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا زۆرجار بانگەشەکارانی رێکخستنی کاروباری کرێکارانو ژینگەپارێزی دەیانتوانی لەولایەتەکاندا دانپێدانانی یاسایی پێویست مسۆگەربکەن، کەچی حکومەتی نەتەوەیی هەوڵەکانیانی پەك خست .بۆیە سیستمی فیدراڵی دەتوانێت وابکات کەشێوازی حوکمکردن پتر وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندییە ئابووریو کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانو هەندێجار ناکۆکەکانی ولایەتە جۆراوجۆرەکان بێت .بەم شێوەیە رژێم کۆمەكو هاندانی پێشکەشی دروستبوونی ئیدارەیەکی دروستی دیموکراسیی فرەلایەن لەناو کۆمارییەکی گەورەتردا دەکات.

جەیمس مادیسۆنو دەستوردانەرانیتر فرەلایەنیی گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکانی باش نرخاندوە، لەبەر ئەوەی ئەمە وادەکات کە زۆرینەیەکی هەمیشەیی وا دروست نەبێت کە بتوانێت پێ بەمافی کەمایەتییەکاندا بنێ.

لەکۆتاییدا، سیستمی فیدراڵی لەرێگەی دابینکردنی سەکۆیەکەوە بۆ رەخنەگرتنی کاریگەری سیاسەتو کارەکانی حکومەتو بۆ ئۆپۆزسیۆنەکانی حکومەتیش، دیموکراسی پتەودەکات .لەوانەیە ئەو حزبە سیاسیەی کە لەدەستەڵاتی نەتەوەیی دەچێتە دەرەوە، لەناو ولایەتەکانو حکومەتە خۆجێیەکاندا پۆستگەلێکی وا بباتەوە کە بتوانێت لەرێگەیانەوە رکابەرییو سیاسەتەکانی حکومەتی نەتەوەییو ئەو بڕیارانەش بکات کە ئەو حکومەتە دەریاندەکات .لەکاتێکدا کە لەوانەیە هەندێکی ئەم بەرهەڵستکارییە لەسەر بنچینەیەکی حزبی بێت، بێگومان زۆریشیان پارێزگرتنی جدیی لایەنگرانی سیاسەتێکی دیاریکراون لەحکومەت، یان هەڵوێست وەرگرتنێکی دیاریکراون .بەم شێوەیە سیستمی فیدراڵی ئازادیی هاووڵاتیان دەپارێزێت لەوەی بەرهەڵستیی هەر سیاسەتێکی نەتەوەیی بکەن کە بەهەڵەی دابنێن .بەم ئامرازە ئەم رژێمە هانی رەخنەکردنی پێویستو کاریگەری حکومەت دەداتو ئەمەش هەردەکاتەوە پتەوکردنی خودی دیموکراسی.

*شلۆقییەکی داهێنەر

پتر لەدووسەد ساڵە سیستمی فیدراڵی چێوەوی پەرەپێدانی دیموکراسیی ئەمریکایی پەرەپێدەدات .شڵۆقییەکی هەمیشەیی هەیە لەنێوان ئەوەی حکومەتی فیدراڵی داوای دەکات‌و ئەوەش کە حکومەتی ولایەتەکان داوای دەکەن .هێشتاش مەسەلەکە هەروایە .تاراندنی ئەم شڵۆقییە ئاگاییەکی هەمیشەیی دەوێت بۆ ڕۆڵی فەرمانڕەوایی‌و هەڵسەنگاندنێکی بەردەوامیش بۆ دابەشکردنی دروستی سەلاحیەتەکان لەنێوان دوو ئاستەکەی فەرمانڕەواییدا .ئەم هاوسەنگییە کە هەمیشە لەگۆڕانەو زۆرجاریش داهێنانی لێدەکەوێتەوە، پشت بەپرەنسیپی سەروەریی گەل دەبەستێت .لەبەرئەوە ئەو تاوتوێکردنەی کە لەدەوری ڕژێمی فیدراڵی هەیەو لەمەسەلەی هەرکامی حکومەتەکان دەکۆڵێتەوە، چ حکومەتی ولایەت‌و چ حکومەتی نەتەوەیی، باشترین گوزارەکردنە لەئیرادەی گەل، ومەسەلەی چییێتیی ئەو بەهایانەش دەکۆڵێتەوە کە لەبازاڕی هزرە سیاسییەکاندا باون .هەرگیز وەڵامی کۆتایی بۆ ئەم پرسیارانە لەئارادا نابن، هەروەها شڵۆقییە هاوەڵەکەی سیستمی فیدراڵییش هەرگیز نابڕێتەوە.

لەمیانەی ئەو شڵۆقییانەی نێوانی ئاستەکانی فەرمانڕەواییەوە، بەهەموو خراپیەکانیشیەوە، ئەمریکاییەکان شتێکیان دۆزیوەتەوە کە لەوانەیە باشترین دابینکەری ئازادیی لای ئەوان بێت، بێداری‌و ئاگایی‌و بەتەنگەوەهاتنی خۆیان نەبێت هیچ شتێك نییە پێشی ئەوەبکەوێ.

گومانیش لەوەدانییە کەئەم شتە ئەوەیە کە باوانی دامەزرێنەر ئاواتیان پێی خواستوە .ئەوەتا (جەیمس مادیسۆن )لەساڵی (1792)دا نووسیویەتی دەڵێ (ئەگەر ئەم چاکسازیەی تیۆری فەرمانڕەوایی ئازاد لەکاتی جێبەجێکردنیدا نەشێوێندرێ، ئەوا دەردەکەوێ کەئەو((واتە سیستمی فیدراڵی ))باشترین کەلەپورێکە کە یاسارێژەکان بۆ وڵاتەکەی خۆیانیان بەجێهێشتبێت‌و باشترین وانەشە کە بەخشەرەکانی ئەم وانەیە داویانە بەجیهان.)

سەبارەت بە ئەو وڵاتانەی کە وێڵی دوای فۆرمێکی فەرمانڕەوایین کە ئازادی پتەوبکات، کەلەپوری فیدراڵیزم نموونەیەکە دەشێ پشتی پێ‌ببەستن.

**سەرچاوە /ژمارە (46)ی گۆڤاری ( الفدرالی )لەسەر ماڵپەڕی**
**وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئینتەرنێت .**